کورتە چیرۆک



سالار ئیسماعیل سەمین

# غەمنامە

هەر یەک لە میلەکانی، شیرێکی دەمتیژن. پتر لە نیو سەدەیە بەسەر گردنمەوە، وەک دوو ئەژدیهای تۆقێنەر پەلاماری ڕووحم دەدەن. من تێناگەم ئەم میلە نەفرەت لێ کراوانە بۆ وا بە قورسی هەنگاو دەنێن. ئەسپی ئومێدی ئەمڕۆ لەنێو کێڵگەی زەمەنێکی قێزەووندا سین دەگرێ و جوڵە ناکا.

لە شوێنەکەی خۆی هەڵسا و چەند هەنگاوێک چووە پێشەوە. هەردوو دەستی خستە سەر باڵەکانی کلاوڕۆژنەی ژوورەکە. بەسەر نووکی پەنجەکانی هەردوو پێی بەرزەوە بوو. بە تفکەیەکی بەڵغەماوی، ڕووی کاتژمێرە هەڵواسراوەکەی سواغ دا. پاشە و پاش گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی. هزر و خەیاڵ و تاسەیەک بەرەو گێژەنگەیەکی قووڵی بیرکردنەوە لوولی دا.

– تۆ بڵێی تەنها لە ژوورەکەی مندا میلەکانی ئەم کاتژمێرە نەحلەتییە وا بە سستی هەنگاو بنێن..؟

ئەو ڕۆژە لە کۆڕی ماتەمینی پەڕەسێلکە مل هەڵکێشراوەکانی ئەم شارەدا یەکێ لە ناوەندی هۆڵەکەوە هەستایە سەر پێ و هاواری کرد:

– میلی کاتژمێرە هەڵواسراوەکانی گۆڕەپان و قوتابخانە و نەخۆشخانە و چایخانە و هەتا دەگاتە هی مزگەوت کەلیسەکان لەگەڵ هەر هەموو فەرمانگا و پۆلیسخانەکانیش هەتا ژووری

گەورە بەرپرسانی ئەم شارە لەنگ و ئیفلیج بوونە.

توانای تۆمار کردنی غەمەکانیان نەماوە. قەوارەی غەمنامەکان هەتا دێ گەورەتر دەبێ. لاپەڕەکانی زەرد هەڵدەگەرێ. سوارە ملهوڕەکانی دەسەڵاتی زەمەنی قێزەوون لە پەسادا لاپەڕەکانی ئەدەن بەدەم گەردەلوولێکی بێ بەزەییدا.

ئەو ڕۆژەی هاتەوە یاد لە ڕیزی پێشەوەی ماتەمینییەکەدا دانیشتبوو. بە لەرزە لەرز بەسەر کەمەی کۆچانەکەیدا ڕاوەستابوو. بە دەستە لەرزۆکەکانی ئاماژەی بۆ ئەو زەلامە دەکرد کە لە پشت مێزەکەوە وەک بەڵێندەرێکی مل ئەستوور دانیشتبوو.

– ئەمڕۆ ئەبێ لاپەڕە سپێکانی غەمنامەکانمان بۆ هەڵدەنەوە، بۆ ئەوەی غەمە تازە لە دایکبووەکان تۆمارکەین ڕۆژ نییە بە دەیان غەمی تازە لەدایک نەبێ، غەمی قەڵەوتریش بەڕێوەیە.

دانیشتووانی هۆڵەکە بەیەک دەنگ هاواریان دەکرد:

– غەمنامە.. غەمنامە.

کابرای مل ئەستووری لە خۆ باییبووی پشت مێزەکە چەند جارێک دەستی بەرزەوە کرد.

– ئارام گرن.. ئارام گرن.

چەند هەرزەکارێکی خوێن گەرمی نێو هۆڵەکە کاتژمێرە گەورە هەڵواسراوەکەیان هێنایە خوارەوە و لەژێر پێیاندا هەپروون هەپروونیان کرد. بە دەنگێکی بەرزیش هاواریان دەکرد:

– نەفرەت لەم زەمەنە قێزەوونە. مل ئەستوورەکان بازرگانی بە خوێنی ڕۆڵەکانمانەوە دەکەن. لاپەڕەکانی غەمنامەکان پڕبوون لە کارەساتی دڵتەزێن. ڕۆژانە دەیان کەس دەبن بە قوربانی شاسوارەکانی دەسەڵات. خەڵکی ئەم شارە لە مێژەوە لەنێو بازنەیەکی پڕ لە دۆزەغا بەهارە پڕ لە غەمەکانیان پێکەوە گرێ ئەدەن.

زۆری پێ نەچوو لە کلاوڕۆژنەکەوە بۆنێک هاتە ژوورەوە. بۆگەنەکە بیرکردنەوەکەی پێ نەبچڕی. هەر لەو کاتەدا کوڕەکەی هاتەوە یاد کە بەرەو سنوورەکانی دۆزەخ ڕاپێچ کرا. غەمەکەی ئەمەندە قەڵەو بوو هەتا هەتایە لەیاد ناچێ.

ڕۆژ بە قەد باڵای بە ساڵاچوویەکی پەککەوتووی مابوو ئاوابێ. زۆری پێ نەچوو ڕۆژەکە بوو بە ساجێکی سوور هەڵگەڕاو. جار جارێک لەنێو لق و پۆی دار کالیپتۆزەکانی ڕۆژئاوای شارەکەوە دەبینرا. دیدە پڕ لە فرمێسک و ڕەنگە هەڵبزرکاوەکەی. سەرنج ڕاکێشەر بوو. بە پاڵەپەستۆ بەرەو

سنووری مەرکێکی نارەوا لە بەردرا. پاش شەش مانگ لە چاوەڕوانی هیچ سۆراغێکی نەبوو. زۆر جار لە ژوورەکەوە دەیکوێزایەوە. لە پاڵ درزی تاشە بەردەکەی دەستی چەپی ماڵەکەیانەوە غەمەکانی ڕۆژگاری پێکەوە گرێ ئەدا. لێوە قەتماغ پڕ لە غەمەکانی خۆی دەکرۆشت. لە مێژەوە لەگەڵ دەنگی کوندەپەپووی نێو درزی تاشە بەردەکەدا ئاشنا ببوو. لە بیر کردنەوەکەیدا بەسەر مەلاشوویەوە هەستی بە تاڵییەک کرد.

بە دگانەکانی سەر نینۆکی پەنجەکانی دەقرتاند.

– ئەوا بوو بە ساڵێک هەتاکەی چاوەڕوانی..؟

لاپەڕە سپییەکانی غەمنامەکان پڕ بوون لە غەمی تاڵ.

غەمی تاڵتریش بەرێوەیە. دەسەلاتدارانی بێ دەسەلات لەنێو گۆمی شەهوەتی گەندەڵیدا خوار و ژوور دەکەن. کاتژمێرەکان لە سەنتەری گۆڕەپانی مەملەکەتی غەما کۆکەنەوە و گری تێ بەردەن. ئەو شەوە میلە قورسەکانی کاتژمێرە هەڵواسراوەکەی سەرووی کلاوڕۆژنەکە لە دووی شەو لایدا بوو. یەکێ لە میلەکانی بە تەڵخی دەبینرا. ئەو کاتەی دەرگای حەوشەکەی کردەوە بۆ کاری پێویست چووە دەرەوە هەستی شەشەم دووبارە گێڕایەوە بۆ نێو ژوورەکە. لە کلاوڕۆژنەکەوە تەماشای دەکرد بینی زەلامێک بە پەیژەیەکی دەسکردا سەرقاڵی دابەزینە بەرەو حەوشەکە. دوو زەلامی تریش دوا بەدوای ئەو دابەزین پاش ئەوەی لە ترسا تووشی هەلەکە سەما بوو لە ژوورەکەدا دەسگیرکرا و چاوەکانی شەتەک درا. ماوەیەکی زۆر لەنێو ژوورێکی چوار گۆشەی بنمیچ رزیودا بە بەندی مایەوە. پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکی زستانی لەنێو ئۆتۆمبیلێکی سەربازیدا کۆمەڵێ ئێسک و ملوانکەیەکیان هێنایەوە لەنێو تابوتێکی دەم داخراودا بەرەو شاری غەم. هەر ئەو ڕۆژە ئەویش لە بەندیخانە ئازاد کرا. ئەو کاتەی گەیشتە گەڕەکی خۆیان لە دوورەوە ئاپورەی خەڵکە ڕاوەستاوەکەی بەر دەرگایانی بینی. لە پاڵ تەرمی کوڕەکەیدا چیچکەی کرد و بە دەنگێکی خنکاو وتی:

– ئەم دوو تاوانەش لە نێو لاپەڕەکانی غەمنامەکەدا تۆمارکەن.

بیرکردنەوەکانی نێو ژوورەکە بە تەواوی مێشکیان دەگوشی. ئەو کاتەی لە شوێنەکەی خۆیدا ڕاستە پا ڕاوەستا. تەماشای میلەکانی کاتژمێرەکەی کرد بەسەریەکەوە ڕاوەستاون لەگەڵ تەقینەوەیەکی گەورەدا شوشەی کلاوڕۆژنەکە هاتە خوارەوە و لاپەڕەکانی غەمنامەکەش بەرەو ئاسمان باڵی گرتەوە.